مجلة إكليل للدراسات الانسانية

التصنيف الورقي: العدد 19 /ايلول/2024

المجلد(5)- العدد(3)-الجزء(2) IASJ-Iraqi Academic Scientific Journals

# ڕەهەندی سیاسیی لە شیعری کوردیدا

پ.ی سروود وەلی ئیسماعیل جاف

کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد بۆ زانستە مرۆییەکان

زانکۆی بەغدا

**وشە کلیلەکان:** ڕەهەند، سیاسی، شیعر، کوردی

**پوختە:**

ئەم لێکۆڵینەوەیە تیشک دەخاتە سەر چەمکی شیعری سیاسیی لەبەرڕۆشنایی پەیوەندیی ئاڵوگۆڕی نێوان شیعر و سیاسەتدا، بەگشتی بریتییە لە پێشەکیی و دوو پار و ئەنجامەکان.

**توێژەر هەردوو ئەو بۆچوونانە دەتۆژێنێ کە بریتیین لە :**

**یەکەم:** ئەو بۆچوونەی پێی وایە کە شیعر و سیاسەت دوو دنیای جودان و هیچ پەیوەندییەکیان نییە بەیەکەوە.

**دووەم :** ئەو بۆچوونەی پێی وایە کە پەیوەندییەکی توند و تۆڵ هەیە لە نێوان شیعر و سیاسەتدا.

لە پارییەکەمدا هەوڵمانداوە چەمکی شیعری سیاسیی بخەینەڕوو لە دوو تەوەردا،**تەوەرییەکەم :** بەشیعرکردنی سیاسەت، کە مشتوماڵی کاریگەری شیعر دەکات لەسەر سیاسەت، لە تەوەری دووەمدا : باسمان لە بە سیاسەتکردنی شیعر کردووە، کە بریتییە لە کاریگەری سیاسەت لەسەر شیعر. لە پاری دووەمدا، هەوڵمانداوە هەندێ نموونە باس بکەین لە شیعری کوردیدا. هەروەك لەڕێکاری لێکۆڵینەوەکەدا پشتمان بەستووە بەڕێبازی وەسفی شیکاریی لە پێناوڕوونکردنەوەی زیاتریرا و بۆچوونی شارەزایان لەو بوارەدا.

**پێشەکی :**

هەندێ لە فەیلەسوف و ڕەخنەگران پێیان وایە کە شیعر و سیاسەت دوو دنیای جودان، بەڵگەشیان بۆ ئەم بۆچوونەیان ئەوەیە کە دنیای شیعر دنیایەکیپروون و ڕۆشنە و لێوانلێوە لە هەستی مرۆیی، لە کاتێکدا کە دنیای سیاسەت دنیایەکی وشکە و لەسەر بنەمای بەرژەوەندییەکان بونیادنراوە و دوور و نزیك جێگەی هەستی تێدا نابێتەوە. لەلایەکی دیکەوە، هەندێك لەڕەخنەگرانی دیکە پێیانوایە کە شیعر و سیاسەت وابەستەییەکترن، و هەریەکەیان کاریگەرە بەویدیکە، و کاریشی تێدەکات. خۆ ئەگەر بە قووڵی تەماشای ئەم مەسەلەیە بکەین

دەبینین کە مرۆڤیان هاولاتی، ئەو تەوەرە سەرەکییەیە کە شیعر و سیاسەت بەدەوریدا دەخولێنەوە، چونکە شیعر دەتوانێ بیری وەرگر بسازێنێ بە ویست و ئارەزووی خۆی، بەڵام سیاسەت ئەوەی بییەوێ دەیسەپێنێ بەسەر تاکدا.

**لێرەوە دەکرێ بڵێین** : کە زۆربەی شۆڕش و گۆڕانکارییەڕیشەییەکان لە جیهاندا دەرئەنجامی بیر و ئایدیا بوون، کە بێگومان شیعر هۆکارێکی بنچینەیی هەراشکردنی بیر و ڕەفتاری گەلان بووە، بۆیە پێویستە کە شاعیر ئاگاری سیاسەت بێت، نەك لەبەر ئەوەی شۆڕش بکات، بەڵکو بۆئەوەیکە هۆشیار بێت لە کۆمەڵگەکەیدا و ئەو بەرپرسیارێتییە هەڵبگرێ کە کەوتۆتە سەرشانی لەمەڕ هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگەکەی.

**ئامانجی لێکۆڵینەوە :**

ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵدەدات ئەم ئامانجانەی خوارەوە بپێکێت :

1. ڕوونکردنەوەی چەمکی شیعری سیاسی لەبەرڕۆشنایی مشتومڕیفەیلەسووف و ڕەخنەگراندا.
2. باسکردنی کاریگەری شیعر لەسەر سیاسەت لە میانەی ئەوەی بە (بەشیعرکردنی سیاسەت) ناوزەندکراوە.
3. تۆژاندنی کاریگەری سیاسەت لەسەر شیعر لە میانەی (بەسیاسەتکردنی شیعر)ەوە.
4. تیشکخستنەسەر هەندێ نموونە لە شیعری کوردی، کە تیایداڕوونمان کردۆتەوە شیعر لە قۆناغە جیاوازەکانی خەباتی گەلی کورددا ڕۆڵ و کاریگەری بەرچاوی هەبووە.

**گرنگی لێکۆڵینەوەکە :**

گرنگی ئەم لێکۆڵینەوەیە بریتییە لە گفتوگۆی پەیوەندی نێوان شیعر و سیاسەت لە دوو ڕووەوە :

- کاریگەری زاڵی شیعر لەسەر سیاسەت، کە وایکردووە کاریگەری ئیجابی و سەلبی هەبێت لەسەر ژیانی نەتەوە جیاوازەکان، چونکە هەندێجار شیعر،ڕێڕەوی دەسەڵاتی سیاسی بەرەو ئاراستەی کۆمەڵگە دەگۆڕێت بەوەش سیاسەت هەنگاو دەنێت بەرەو خۆشگوزەرانی کۆمەڵگە، هەندێجاریش شیعر دەبێتە هۆی پشتگیریکردنی دەسەڵاتێکی سیاسی، بەوەش کۆمەڵگە دەکەوێتە چنگی دەسەلاتە سیاسییەکەوە و شیعر وەك ئامراز بەکاردێنێ بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆی.

کاریگەری سیاسەت لەسەر شیعر، و ئەو هەوڵە بەردەوامانەی دەسەڵاتی سیاسی دەدیدات بۆ لەخۆگرتنی شیعر لە میانەی ترساندن و خۆشەویستکردن، زۆرجار دەسەڵات شاعیران لەخشتەدەبات بە سامان و پلە و پایە، بۆئەوەی بەرهەمەکانیان کۆك بێت لەگەڵ ئاراستەی سیاسیی دەسەڵاتداران.

**کێشەی لێکۆڵینەوەکە :**

ئەو کێشە سەرەکییەی لێکۆڵینەوەکە دەیەوێ گفتوگۆی لەسەر بکات بریتییە لە : پەیوەندی نێوان شیعر و سیاسەت.

پرسیارگەلی لێکۆڵینەوەکە :

چوار پرسیاری بنەڕەتی هەن کە ئەم لێکۆڵینەوەیە دەیەوێت وەڵامیان بداتەوە:

1. پەیوەندی نێوان شیعر و سیاسەت چییە ؟
2. چۆن شیعر کاریگەر دەبێت لەسەر سیاسەت ؟
3. چۆن سیاسەت کاریگەر دەبێت لەسەر شیعر ؟
4. ئەم ئاراستەیە چۆن لە شیعری کوردیدا ڕەنگی داوەتەوە ؟

**ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە :**

توێژەر پشتی بەستووە بە بەکارهێنانیڕێبازی وەسفی شیکاریی، ئەویش لەڕێگەی شکاریکردنی ئەو تیۆرانەوە کە باس لە بابەتەکە دەکەن و هەروەها شیکردنەوەی دەقگەلێکی شیعریی کوردی لەمەڕ بابەتەکەوە.

**پارییەکەم : پەیوەندی نێوان شیعر و سیاسەت**

شیعری سیاسی بریتییە لە مێژووی ڕاستەقینەی گەلان، کە لە ئەزموونی زیندوویانەوە وەرگیراوە، و بە خامەیرۆڵەکانی نووسراوەتەوە، نەك بە پێنووسی مێژوونووسان کەڕەنگە بابەتەکە لە بەڵگەنامە فەرمییەکان وەربگرن، کە بەدەر نییە لە دەستکاری و چاوبەستکردن.

- (**بڕوانە** : وێکیپیدیا، الموسوعە الحرە، بەدەستکارییەوە).

شیعری سیاسی ئەو شیعرەیە کە توانای گۆڕانکاری هەیە، چونکە سەربوردەی واقیعی خەڵك و کۆمەڵگە دەگێڕێتەوە، و سەرکۆنەی ستەم و وەلانان دەکات، و زمان دەکاتە ئامرازی خزمەتکردن بە مەسەلەکە و هەست و سۆزی جەماوەر دەجوڵێنێ و دەیگوازێتەوە بۆ مەیدانی بوونیان لە زەمینی واقیعدا لە میانەی پەرچەکرداریان لەمەڕ هەلومەرجی سیاسی و

ئابووری و کۆمەڵایەتییان، هەر ئەمەشە وادەکات کە پەیوەندی نێوان شیعری سیاسی و دەسەڵات پەیوەندییەکی بارگاویی بێت بەشێوەیەکی بەردەوام.

وێڕای ئەوەی شیعری سیاسی بەزۆری لەو کۆمەڵگەیانەدا دروست دەبێت کە نارەزایەتییان تێدایە لەمەڕ دەسەڵاتەکانیانەوە، و شاعیرە سیاسییەکانیش نەوەی چینی نێوەندیین کە نزیکن لە سەرجەم توێژەکانی کۆمەڵگەکەیانەوە و لە هەمان کاتیشدا دەتوانن گوزارشت بکەن لە خەم و مەینەتی خەڵك بەشێوەیەکی ئەدەبی قووڵ.

لەڕاستیدا شیعری سیاسیرێگەیەکە بۆ گوزارشتکردن لەو ململانێیەی کۆمەڵگەی تێدا دەژی لەگەڵ دەسەڵاتدا و هەروەك دیدگای هەریەکەیان لەمەڕ ئەوی دیکەیانەوە دەخاتەڕوو، لە پاڵ ئەوەشدا هەوڵێکە بۆ ئەرشیفکردنیرووداوە سیاسییەکان، و گۆڕانکاریی بەرەو چاکتر، هەندێك لەرەخنەگران پێیان وایە کە شیعری سیاسی شۆڕشێکی بێدەنگە کە خامە دەیهۆنێتەوە.

لەبەرڕۆشنایی پەیوەندی دیالیکتیکی نێوان شیعر و سیاسەت، دەکرێ بڵێین: شیعر شمشێرێکی دوو دەمە،ڕەنگە جەماوەر دژی سیاسەت و سیاسەتمەداران هەڵیکێشێ، و لەوانەشە سیاسەتمەداران بیکەنە دەرچەیەك بۆ چوونە نێو ویژدانی گەلان،یان دەیقۆزنەوە بۆ بەرژەوەندی خۆیان و مانەوەیان، جیاوازییەکەش ئەوەیە کە دەرئەنجامی پەیوەندی نێوان ئەو دوو کایەیە دەیگاتێ،یان ئەوەتانێ کە خاوەن قەڵەم زاڵ دەبێت بەسەر دەسەڵاتی سیاسیی ستەمکاردا، کە ئەوەش وادەکات دەسەڵات چاکبکرێ و ملبدات بەهۆی سەقامگیریی نووسەران لەسەر هەڵوێستی خۆیان،یان ئەوەتانێ شاعیران ملدەدەن بۆ دەسەڵاتداران و قەڵەمەکانیشیان دەخەنە خزمەتی خاوەن دەسەڵاتی سیاسییەوە، ئەوانەی کە چەندین جۆری ترساندن و لەخشتەبردن بەکاردێنن لەگەڵ نووسەراندا. زۆربەی شاعیران هەلومەرجی سیاسیی باو دەکەنە زادی بەرهەمەکانیان، بۆیە هەردەم سیاسەت بەشێك بووە لە داهێنانی شیعری و هونەرییان، لە دێر زەمانەوە، هەر هۆزە و شاعیریان وتاربێژی خۆی هەبووە کە هێرشی کردۆتە سەر دوژمنەکانی هۆزەکە و بە سەرکەوتنەکانی هۆزەکەیدا هەڵیداوە و بەهانەی بۆ تێکشکاندنی هۆزەکەی هێناوەتەوە.

ئەدیبی ئەڵمانی (برتۆڵد بریخت) دەڵێت : "ناکرێ دەسەڵاتی سیاسیی دەستبگرێت بەسەر بەرهەمە داهێنەرەکاندا هەروەك چۆن دەستدەگرێت بەسەر کارگەیەکدا، هەروەها

مجلة إكليل للدراسات الانسانية
التصنيف الورقي: العدد 19 /ايلول/2024
المجلد(5)- العدد(3)-الجزء(2) IASJ-Iraqi Academic Scientific Journals

ناكرێ دەستبگرێت بەسەر جۆرەکانی دەربڕینی ئەدەبی هەروەك چۆن دەستدەگرێت بەسەر مۆڵەت و شناسی خەڵکی". (علی حسن، عماد، 2014: 10)

ئەم وتەیە ئاماژە دەکات بۆئەوەی کە ئەدەب لەو سۆنگەیەوە دەسەڵات وەردەگرێت کە زۆر زەحمەتە کۆنترۆڵ بکرێت، دواجاریش ئەدەب گوتارێکە کە ململانێ دەکات لەکەڵ گوتاری دەسەڵاتدا. دەکرێ بڵێین : ئەدەب دەسەڵاتی خۆی لە دەسەڵاتیرۆشنبیرەوە هەڵهێنجاوە، چونکە ئەدیب کەسێکیرۆشنبیرە و خاوەن هەڵوێستە بەرانبەر بە دەسەڵات و هەوڵدەدات کە پیادەیرۆڵی خۆی بکات لەو کۆمەڵگەیەی تیایدا دەژی. هەردەم هەوڵدەدات کە لایەنگری بەها جوانەکان بێت و کۆمەڵگەکەی بەرەو چاکتر بەرێت.

دەسەڵاتیرۆشنبیر دەسەڵاتێکی مادی نییە بەڵکو دەسەڵاتێکیرەمزییە لە میانەی وتە و نووسینەوە پیادە دەکرێ، و کار لەسەر هزر و دەروون دەکات لەرێگەی بەرهەمی ئەدەبی و هونەرییەوە، کاتێکرۆشنبیر و ئەدیبرۆڵی کۆمەلایەتی خۆیان دەرك پێدەکەن ئیدی سوور دەبن لەسەر پیادەکردنی بەچاکترین شێوە، لێرەوە بەرکەوتنیان لەگەڵ دەسەڵات شتێکی سانایە، هەروەها ئامانجەکانیان بۆ دوورترین ئاست هەڵدەدەن و داواش لە دەسەڵاتداران دەکەن لەگەڵیان بن هەتا ئەوپەری خاڵی ئامانجیان، ئەگەر ئەوە بەشێوەیەکی کردەییرووبدا ئەوارۆشنبیران لە خاڵێکدایەکدەگرن بۆئەوەی کە داوا لە دەسەڵاتداران بکەن کە شوێنیان بکەون، بەو جۆرە کاروانەکە بەردەوام دەبێت چونکە بەردەوامرۆشنبیر بەشوێن باری چاکتردا دەگەرێ بۆ کۆمەڵگەکەی.

مارکسییە نوێیەکان پێیان وایە کە شۆڕبوونەوەیرۆشنبیر و ئەدیب بۆ بونیادی بڵندی دەوڵەت، دەبێتە هۆی لەدەستدانی سەربەخۆییەکەی، چیتر وەك تاکێکی چینی نێوەندی نامێنێت، بەڵکو وەك کرێگرتەیەك دەبێت کە سەر بە چینی پرۆلیتاری دەبێت، کاتێك کەسێکی سیاسی بتوانێ ئەدیبێك دەستەمۆ بکات ئەوا بە ئەدەبی دەسەڵات ناوزەند دەکرێ، ئەوکات ئەدیبەکە دەبێتە کەرەنایەکی میدیایی و پەراوێزی ئازادییەکەی لەدەست دەدات.

لێرەوە هەوڵدەدەین تیشك بخەینە سەر لایەنە جیاوازەکانی شعری سیاسی، و هەروەها سیما و ڕەنگدانەوە و کاریگەری و جۆرەکانی، ئەویش لە دوو توێی دوو پاردا و بەم جۆرەی خوارەوە :

**وەچەپارییەکەم : چەمکی شیعری سیاسیی**

**یەکەم : پێناسەی شیعری سیاسیی** :یەکێکە لە جۆرەکانی شیعر، بەڵام جیاوازە لەجۆرەکانی دیکە بەوەیکە گوزارشت لەڕەوتێکی سیاسی دەکات و ڕاوبۆچوونی تایبەتی شاعیریش لەخۆدەگرێ لەو مەودایەدا، لە هەمان کاتدا شێواز و بەهای هۆنینەوەی شعر دەپارێزێ.(عبود حنا، 1980: 5)

ئەوەی لە شیعری ساسیدا بەدیدەکرێ ئەوەیە کە شاعیر دەربڕی بۆچوونێکی ئایدیۆلۆجی سیاسییە، بۆ نموونە : بانگهێشتکردن بۆ دادمەندیی و یەکسانییان وەستانەوە دژی داگیرکاریی،یان هێرشکردنە سەر سیستمە داپڵۆسێنەرەکان. (ادونیس، 1978: 106)

**دووەم : جۆرەکانی شیعری سیاسیی :**

أ. **شیعری نیشتمانی** : شاعیرانی ئەم جۆرە بە نیشتمانەکەیاندا هەڵدەدەن، گوزارشت لە خۆشەویستییان دەکەن بۆ نیشتمان،یانڕادەی غەمگینییان لە پاشکەوتنی نیشتمانەکەیان.

ب. **شیعری ئازادیخوازیی** : سەرهەڵدانی ئەم جۆرە دەگرێتەوە بۆ بڵاوبوونەوەی بزووتنەوەڕزگاریخوازەکان، بەهەمانڕەوتدا دەڕوات و گوزارشت لە ئامانجەکانیان دەکات و بەرگری لە پرەنسیپەکانیان دەکات، ئەم جۆرە لە سەرەتای سەدەیڕابووردوودا سەریهەڵدا.

ت. **ئەو جۆرە شیعرە باس لە کاروباری سیاسیی دەکات** : ئەم جۆرە تەنها جەخت دەکاتەوە لەسەر مامەڵە کردن لەگەڵ سیاسەتی وڵاتدا، دەشێ پیاهەڵدەری سیاسەتی وڵات بێت،یانڕەخنە پێشکەش بکات،یان بەشێوەی لاقرتێ و گاڵتەجاڕیڕەخنە بگرێ لە سیاسەتی وڵاتەکەی. (خەزنەدار، مارف، 1984: 126)

**وەچەپاری دووەم : سیماکانی شعری سیاسیی** :ئەم جۆرە شیعرە هەڵگری سیمای دیاریکراوی خۆیەتی کە لە جۆرەکانی دیکەی شیعر جودای دەکاتەوە، گرنگترین ئەو سیمایانەش بریتیین لە :

أ. **سیما بابەتییەکان** : بابەتی قەسیدەکانی بریتییە لەڕووداوە سیاسییە گشتییەکان،یان قسەکردن لەمەڕ سیاسەتەوە لە گۆشەنیگایەکی مێژووییەوە، هەروەها ئەرکی گرێدانەوەیڕووداوە سیاسییە هەنووکەییەکان بەڕووداوە مێژووییەکانەوە، دەخاتە ئەستۆی خۆی، و بەڕوونی وابەستەیی ئایدیا و هەڵوێستی شاعیر دەردەخات. (الخمیس، عبدالرحمن، 1985: 7)

ب. **سیما شێوازییەکان : بەگشتی خۆی لە خاڵگەلێکدا دەبینێتەوە :**

مجلة إكليل للدراسات الانسانية
التصنيف الورقي: العدد 19 /ايلول/2024
المجلد(5)- العدد(3)-الجزء(2) IASJ-Iraqi Academic Scientific Journals

1. بەکارهێنانی دەربڕینیڕاستەوخۆ کە لەسەر زایەڵەی هەستەوەریی بونیادنراوە.
2. بەکارهێنانی هونەرە قسەیيە ئاشکراکان.
3. لەم جۆرەدا (بەتايبەت لە شيعری نوێدا) ناوەرۆکەکەی باس لە سيستمی باو دەکات لە وڵاتێکدا، جا دادمەند بێتيان ستەمکار، ئەگەر دادمەند بوو ئەوا پياهەڵدەدا، و خۆ ئەگەر ستەمکار و گەندەڵيش بوو ئەوا بە توونديڕەخنەی لێدەگرێ.
4. هێرشکردنە سەر داگيرکەران و سەرکوتکەران، و هەڵماڵينی تاوانەکانيان، و بانگەشەکردن بۆڕووبەڕووبوونەوەيان و لەناوبردنيان.
5. پەسنکردنی ئازادی و سەرکەوتن و پياهەڵدانی ئەو دەسەڵاتەی دێتە سەر تەخت دوايڕزگاريی لەناوچوونی دەسەڵاتە هەنووکەييەکە.
6. پەسنکردنی جەنگاوەران و ئاوەزدارە نەتەوەيی و شۆڕشگێڕەکان، و لاوانەوە بۆ شەهيدەکان، و پياهەڵدان بە ديل و بەريندارەکاندا.
7. بانگهێشتکردنی گەل بۆڕزگاريی لە ستەم و زۆرداريی و بەرپاکردنی شۆڕش بۆ بەدەستهێنانی ئامانج و داواکارييەکان. (مەعروف کەمال، 2003: 41)

لەسەردەمی نوێدا، شيعری نيشتمانی و سياسيی چالاکييەکی زۆری نواندوە، چونکە شاعيرانی ئەم ژانرە گرنگيان بە زۆرێك لە لايەنەکانی ژيان داوە و شيعرەکانيان بە تەنها قەتيس نەکردووە لەوەيکە لە وڵاتەکەياندارووەدات، بەڵکو ديدێکی مرۆيی گشتگيريان هەيە.

زۆربەی ئەو شاعيرانە چەندين قەسيدەيان هۆنيوەتەوە کە خەڵك هەڵدەنێ بۆڕزگاربوونيان لە هەموو جۆرەکانی داگيرکەريی، و پشتيوانيان دەکات لە شۆڕشەکەياندا، هەروەها هاوئاهەنگيان دەبن لە پێناساندنی گيروگرفتەکانيان، ئەم جۆر شيعرە بە شيعریڕزگاريخوازيی سياسييان شۆڕشگێڕی ناوزەندکراوە.

**پاری دووەم :** نموونەيڕەهەندی سياسيی لەناو دەقی شاعيرانی هاوچەرخی کورددا

وەچەپارييەکەم : بەکارهێنانی وێنە :وێنەيەکێکە لەڕەگەزەکانی دەقی ئەدەبی، جوانييەکی بڵند و گوزارشتێکی پڕ وزە دەدات بە دەق، هەروەك کاريگەريی تەواو لەسەر وەرگر بەجێدەهێڵێ. نموونەی بەکارهێنانی وێنە لە شيعری کورديدا بۆ مەبەستی شيعری سياسيی و شێوازی بەرەنگاربوونەوە و ڕاچەنين، زۆرە، بۆ نموونە : (لەتيف هەڵمەت) لە شيعری (شعرە هەورەکان)دا بەڕوونی دەڵێت :

شاعر چییه..

گەر دڵداری نیشتمان و وڵات نەبێت

شعر چییە و بۆچی دەشێت

گەر لە ژێر پێی داگیرکەردا

وەکو لوغم نەتەقێت...؟ (دیوان، : 73)

دەبینین لەم شیعرەدا، شاعیر بە ئەویندارى نیشتمان چوێنراوە، هەروەك وشەش بە (بۆمب) چوێنراوە، (لەتیف هەڵمەت) دەیەوێت ئەوە بڵێت : وەك چۆن بۆمب کاریکەرە لە جەنگدا و کارەسات دەخولقێنێ، ئاوەها وشە هەردەم ترسێکی گەورەیە لەژێر پێی داگیرکەرانی نیشتماندا و لە هەرکات و ساتێکدا بۆی هەیە پێیدا بتەقێت و لەناوی ببات.

لە دەقێکی دیکەدا شاعیر (رەفیق سابیر) دەڵێت :

هەنگاوی گەورەکانی شار

وەکو چەقۆ.. بەسەر شۆستەی گلێنەما،

بە کیشوەری قەتماغەما

تێ ئەپەڕێ. (سابیر رەفیف،1973: 14)

ئەم بۆچوونە شیعرییەی شاعیر بەتەواوی کۆکە لەگەڵ تێزەکەی (ئەنتۆنی دی سمیس) کە پێی وایە، نووسەران وێڕای جیاوازی نێوانیان و ئاراستەی داهێنانیان، بەڵام پێکرا دەبنە هۆی بەرجەستەکردنی ناسنامەی نەتەوەکەیان. (الشیمی احمد، 2014: 69)

لەم کۆپلەیەدا شاعیر دەیەوێت تیشك بکاتە سەر دیاردەیەکی زۆر گرنگ کە مرۆڤایەتی بە درێژایی مێژوو بەدەستییەوە دەناڵێنێ، ئەویش دیاردەی جیاوازی چینایەتییە، کە لەرێگەی چەقۆوە گوزارشتی لێکردووە،یان ئەوەتانێ کە شاعیر ترسی هەیە کە بەهۆیرێگە نەگرتن لەم دیاردەی جیاوازی چینایەتییە، سەربکێشێت بۆئەوەیکە ببێتە شناس و بەتەواوەتی جێکەوتی لەسەر کۆمەڵگە هەبێت. شاعیر ئەو جیاوازی چینایەتییە دەچووێنێ بە چەقۆ، واتا وەك چۆن چەقۆ هەموو ماتریاڵێك لەت دەکات، ئاوهاش ئەو دیاردەی جیاوازی چینایەتییە کۆمەڵگە لەت دەکات، چونکە دیاردەی چینایەتی لە سادەترین پێناسەیدا بریتییە لەرووبەڕووبوونەوەی چینێکی بەشخوراو بە دژ بە چینێکی سەرمایەدار، کەواتە دیاردەیرووبەڕووبوونەوە و بەرەنگاری دێتە گۆڕێ.

مجلة إكليل للدراسات الانسانية
التصنيف الورقي: العدد 19 /ايلول/2024
المجلد(5)- العدد(3)-الجزء(2) IASJ–Iraqi Academic Scientific Journals

وەچەپاری دووەم : بەکارهێنانی هێما (الرمز. Symbol)لە دەقی ئەدەبیدا هێما بەهۆی پێکهات و ئەرکەکەیەوە پەیپێدەبرێت، بەتایبەتتریش کە لە قاڵبی تیۆرە ئەدەبییەکانەوە، بەگشتی لە چوار ئاستدا پۆلێندەکرێن :

1. ئاستی گشتیی.
2. ئاستی زمانی.
3. ئاستی دەروونیی.
4. ئاستی ئەدەبیی. (احمد، محمد فتوح، 1977: 33)

سەرەتای دەرکەوتنی هێماگەریی دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەم، لە فەرەنسا، لەرۆژنامەی (Le figaro) مانفێستی هێماگەریی لە ئەدەبدا بڵاوکردەوە، هەروەها لەسەرەتای سەرهەڵدان قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی ئایینیدا بەتایبەتی لە کتێبە پیرۆزەکاندا هێما پشکێکی گەورەی بۆخۆی داگیرکردوە.

لە مێژووی خەباتی گەلاندا هێما پانتاییەکی فراوانی داگیرکردووە، بەتایبەت لەلای ئەوگە لانەی خەباتیان کردوە لە پێناوی خاك و مانەوەی نەتەوە و بەردەوامی ژیان کردووە، بێگومان کوردیشیەکێك بووە لەو گەلانە. لەسەردەمی فەرەنسای داگیرکراوی جەنگی دووەمی جیهانیدا، شیعرێکی ئەراگون لە بەیاننامەیەکی حزبی شیوعی فەرەنسی کاریگەرتربوو لەسەر خەڵك. (بتسون شێرکۆ بێکەس، 1985: 144)

لێرەوە هەوڵدەدەین چەند نموونەیەك لەو بوارەدا شی دەکەینەوە.

شێرکۆ بێکەس دەڵێت :

با چرا هەر داگیرسێ و فووی لێ نەکەین،
ئەم چرایە لە دوورەوە
ئەستێرەی هیوا پرژێنە و... ئەمانبینێ
با چراکە هەر داگیرسێ و نیشانە بێ بۆ گۆڕەکەی !
(بێکەس، شێرکو، کۆست،1985: 62)

لەم کۆپلەیەدا شاعیر چرای وەك هێما بەکارهێناوە بۆ خەبات و تێکۆشان و هەوڵ و کۆشش و بەردەوامیی، دەویەوێت بە وەرگر بڵێت : هەتا لە ئاسۆی ئێمەدا هیوا و ئاوات و ئومێد و تێکۆشان هەبێت ئەوا تاریکی و بێهیوایی نابێت.

دكتۆر مارف عومەر گوڵ دەڵێت :

سیامەندم
وەك سێبەری بەرڕوانگەی ئەوبەری گوند
تاقێ بەسەر گەڵای داری کەنار چەمی (ڕۆخانە)وەی
تاقێ کەم کەم لە تەمەنی مۆمی باڵات دەتوێتەوە
جارێ دەڕۆی
چەم دەبڕیت و بۆ گوندەکەی ئەوبەر دەڕۆی
جارێکی تر جامانەکەت لە ملتایە و
بەسەر گرد و تاشەبەردا سەردەکەوی
ساڵانێکە وەك خانەزای خەمی وا ڕووت پەشێواوە و
شەوچراغیرێگای دووری هات و نەهات
بە دەستتەوە ناکوژێتەوە (گوڵ، مارف عومەر، 1981: 158)

لێرەدا شاعیر زیرەکانە بە واژەی (سیامەند) ئاماژە دەکات بۆ پێشمەرگە و خەباتگێڕی کورد، چونکە پێشەمەرگە بەردەوام بە چیا و هەردەوەن لە پێناوی تروسکای هیوا و لادانی ترس و دڵەڕاوکێ لەناو دڵی گەلی کورددا،یەکێکی تر لەو ئاماژانەی شاعیر بەکاری هێناوە بۆ هێماکردن بۆ کورد وەك میللەت و پێشمەرگە، بریتییە واژەی (جامانە)، هەردەمیەکێك لە سیماکانی ناسینەوەی پێشمەرگە لە شاخ بریتی بووە لە جامانەکەی ملی، بەڵام شاعیر وێناکەی بەجۆرێك کردووە کە گەلی کورد هیوابڕاو نەکات، ئەووەتانێ وێڕای ئەووەی شەکەت و ماندووە و خەمی گەلەکەی هەڵگرتووە، بەڵام لەگەڵ ئەووەشدا وێنای پێشمەرگە دەکات کە چرایەکی بەدەستەوەیە و ڕێدەکات، کە ئەمە دوو ئاماژەی بڵندی تێدایە :

1. ئاماژەیە بۆ ئومێد و هیوا و ئاسۆیروون، چونکە هەردەم بەڕووناکی چرا ڕێگە تاریکەکانرۆشن دەبنەوە.
2. ئاماژەیە بۆ ئەوەیکە پێشمەرگە پاش شەهیدبوونیشی هەرگیز ون نابێت، بەڵکو ئەوکات سەرمایەرەمزییەکەی دەبێتە چرایەك و هەردەم لەڕەوڕەوەی خەباتی گەلەکەیرووبەکیرۆشن دەبێت.

مجلة إكليل للدراسات الانسانية
التصنيف الورقي: العدد 19 /ايلول/2024
المجلد(5)- العدد(3)-الجزء(2) IASJ-Iraqi Academic Scientific Journals

**وەچەپاری سێیەم : شەهید و پێشمەرگە**

ئەو شاعیرانەی کە لە شار دەژیان و ئاگری کوردایەتیی لە ناخیاندا گێنگڵی ئەدا، بەردەوام لە دەقە شیعرییەکانیاندا پەنایان دەبرد بۆ بەکارهێنانی واتای واتا یان میتا واتا، بێگومان ئەوەش لەڕێگەی هونەرە قسەییە ئاشکراکان و بەکارهێنانی هێما و ئاماژە و ئەوڕستانەی واتاکانیان تەموومژیان لەسەرە.

لە کاتێکدا ئەو شاعیرانەی کە لە شاخ بوون دەستیان کراوەبوو لەوڕووەوە، سەرجەم واتاکانیان وەك خۆی چۆنیان بویستایە بەوجۆرە دەیانگەیاندە خەڵك، واتا دەقە شیعرییەکانیان سیمایرِوونی پێوە دیاربوو.

شەهید و پێشمەرگە دوو زاراوەی لێنەترازاون، هەردەم شەهادەت لە هزری پێشمەرگەدا بوونی هەبووە، و جێگیر بووە، هەردەم لەبەر دیدەیدا وێناکراوە، هەمیشە وەك مەقامێکی بڵند تەماشا کراوە، چونکە بەخشینی بەنرخترین شتە لای مرۆڤ کە بریتییە لە گیان بە خاك و گەلەکەی. بۆیە هەردەم ئەوەیرۆژێك پێشمەرگایەتی کردبێت خەونی مەزنی ئەوە بووە کە بگاتە ئەو پلەیە و خۆی بکاتە قوربانی بۆ نەتەوە و خاکەکەی.

**بۆ نموونە** :یەکێك لە دەقە باڵاکانی شێرکۆ بێکەس کە بریتییە لە شیعری (لە شەوێکدا)، دەقێکە وەك زنجیرەیەك تاپلۆی پێکەوە لکێنراوە وایە، هەر تابلۆیە و بەسەرهاتێك و هێمایەك و ژانێکی خۆی هەڵگرتووە، لە سەرەتادا دەڵێت :

شەو بوو هەر پێشمەرگە و بەفر
بە بناری شاخەوە بوون
کە بەفر نووست
ئەوان ورد ورد هاتنە خوارێ
لە چوارلاوە هاتنە خوارێ (بێکەش،شێرکۆ، 1981: 46).

شێرکۆ باس لە هاتنەخوارەوەی پێشمەرگە دەکات بۆ ناو شاری سلێمانی، بەڵام پێشتر ئاماژە دەکات بەوەیکە لەبەر سەرما و سۆڵە، ئەوەی بە شاخەکانەوە بوو تەنها بەفرو پێشمەرگە بوو، کە ئەمرِستە واتای قوربانی دان و خۆڕاگری پێشمەرگە دەبەخشێت، دواتر بەفر نووست، واتا بەفر لە بارین کەوت و حەوسەڵەی مانەوەی چاوەکانی نەما بە کراوەیی، بەڵام پێشمەرگە لە بەفریش زیاتر بە خۆڕاگری مایەوە و لە جوڵە و بزاوتن نەکەوت، بۆیە کە

دڵنیا بوون لەوەی تەنانەت بەفریش جوڵەی نەما و شار خامۆش بوو ئیدی ئەوانە کەوتنە جوڵە بۆ ناوشار (لە چوارلاوە هاتنە خوارێ).

**دواتر دێتە سەروێنای تابلۆیەکی دیکەی شەهیدێك بە وشە و دەڵێت :**

هەر ئەو شەوە لە کانێسکان
پێشمەرگەیەکی حەڤدە ساڵ
لە بنکەدا ناویان نابوو،
. هەژاری زاڵ .
باریکەلە و... لەش سوکەڵە
وەکو ئاسك
چاوشین وەك قوبەی ساماڵ
گەردی خەمێ
لەڕووی نیشتبوو
وەك باخی گوندێکی چۆڵ بوو
لەو شەوەدا..
دەمێ خێرا و دەمێ هێواش
جارێك قیت و
هەندێ جاریش بە کۆمە کۆم
ئەچووە پێشێ..
تا بگاتە سەر بەنگەڵەی دوژمنان و
بە نارنجۆك دیان بێژێ. (بێکەس، شێرکۆ، 1981، 48)

لێرەدا شێرکۆ باس قارەمانێتی هەژار دەکات، کە زۆر لەش سووك و بە هەڵمەت و پڕکێش بووە، دواتر دێتە سەر باسی جوانخاسی و جەستەی بە هەڵمەتی :(باریکەلە... لەش سوکەڵەوەکو ئاسکچاوشین وەکو قوبەی ساماڵ)،ئنجا لە کۆتایدا دێتە سەر باسی شێوازی هێرش بردن و تەکنیکی چوونە پێشەوەی لە دوژمن، کە چۆن دەمێك خێرا و دەمێك هێواش، هەندێ جار قیت و ڕاست و هەندێ جاریش بە کۆمە کۆم بەرەو مۆڵکەی دوژمن هەنگاوی ناوە. هەتا دەگاتە قۆناغی کۆتایی کە تێیدا هەژار شەهید دەبێت، بۆ سبەینێ بەیانی کە هەواڵی شەهیدبوونی هەژار بەناو شاردا بڵاو دەبێتەوە، ئیدی دەیان دایکی عەبا بەسەر،ڕەش

ئەچنەوە، ئەچنە بەر دەگاری مەیتخانە و سەرە دەگرن بۆئەوەیکە بزانن ئەو قارەمانەی شەهید بووە کۆڕی کامیانە !.

شێرکۆ بۆ تەواوکردنی وێنەکەی دەڵێت :

دەیان دایکی عەبا بەسەر
کوڕ لە کێوان
ڕەش ئەچنەوە
بەبێ دەنگیش پاڵە پەستۆ و پەلەیانە
هاتوون تەرمی ئەو هەڵۆیە ببینن و
بزانن کوڕی کامیانە؟! (هەمان سەرچاوە)

جاریکی دیکە شێرکۆ بێکەس، قەسیدە بۆ (شایی شەهید) دەنووسێ و بەم جۆرە شەهیدەکە وێنا دەکات :

سێ ئاسکی سلێمانیی
سێ جوانووی وەرزی قوربانیی
سێ گورانی
سێ دارنەمام
(سەردار) لقی دار چوالەبوو
یەکەم بەهار بوو گوڵ بگرێ
(هیوا) ئەتوت کانییەکە و پێ ئەکەنێ..
(ئارام) بێچووە هەڵۆی چا تیژ
ئەیویست بەر لەوەی پەڕ دەکا
بەرەو حەسارۆست هەڵفرێ
لە پاڵ دیوارێکی نزما.. ڕیزیان کردن
شریخەیەك و دووان و سییان و چوار و دە
تفەنگ خۆرەتاو ئەکوژێ
تفەنگ خوێنی گوڵەکانم
بەسەر شەقامدا ئەڕێژێ !
تفەنگ چاویرۆشنبیریی هەڵ ئەکۆڵێ. (بێکەس شێرکۆ، 1986: 19)

مجلة إكليل للدراسات الانسانية
التصنيف الورقي: العدد 19 /ايلول/2024
المجلد(5)-العدد(3)-الجزء(2) IASJ-Iraqi Academic Scientific Journals

**دەتوانین ئەم زنجیرە تابلۆیە بەم جۆرە پۆلێن بکەین :**

**تابلۆییەکەم :** سێ گەنجی خوێن گەرمی سلێمانی، تازە هەڵیان ئەدا، بەڵامدلێر و ئازا و گیان لەسەر دەست، ئەو سێ گەنجە هیوایان لەسەر ژیان هەڵچنیبوو، شێرکۆ بە (گۆرانی) ناوزەندیان دەکات، ئەو سێرۆڵەیە تازە گەشەیان دەکرد، بۆیە شێرکۆ دەیانچوێنێ بە نەمام، بەڵام هەریەکەی لەلایەك هەڵیدابوو، ئەوەتانێ دەڵێت :

. (سەردارلقی دار چواڵە بوو)

ئەوەندەش گەنج بووە کە :

(یەکەم بەهار بوو گوڵ بگرێ) !

(هیوا)یانی چوواندوە بە کانییە ئاوێك کە جگە لە مۆزیکی خورەی ئاوەکەیڕوونی و سازگاری و بێگەردی ئەوەندە ساناى کردۆتەوە کە وەك ئەوە وایەپێبکەنێ !. (ئارام)یش نموونەی قارەمانێتی و ئازایەتی و چاونەترسییە، بۆیە شێرکۆ چووانویەتی بە هەڵۆی چاوتیژ.

**تابلۆی دووەم :** ئەم سێ گەنجە دەست بەسەر دەکرێن، لەلایەنرژێمی بەعسی لەناوچوو، ئنجا ریز دەکرێن، لە پاڵ دیوارێکی نزمدا، و دەنگی چەند شریخەی تفەنگ دێت کە دیارە ئاماژەیە بۆ گوللەباران کردنیان.

**تابلۆی سێیەم :** شێرکۆ دەیەوێ لە دەرئەنجامی ئەمڕووداوە دڵتەزێنەدا ئەوەمان پێ بڵێت : کە ئەورۆژگارە چەندرەش و شووم و ناهەموار بوو، ئەوەتانێ تفەنگی دەستی دوژمنان خوێنی گەشی گەنجەکانمان بەسەر شەقامدا و لەبەر دیوارە (نزم)ەکەدا دەرژێنێ، بێ گوێدانە هیچ بەهایەکی مرۆیی و یاسا و دەستوورێکی خوایی و مرۆڤکرد، هەڵدەکوتنە سەر گەنجەکان و بەرۆژی نیوەڕۆ و لەسەر شەقامەکان، خوێنیان دەکەنە کاسەوە. هەر ئەوەندەنا، بەڵکو شێرکۆ ئاماژە دەکات بۆڕاستییەکی لەوەش تاڵتر، ئەویش ئەوەیە کە تفەنگی دوژمن دەنگی ئازادی خوازیی و ڕەنگی سەربەستیی و چاویڕۆشنبیریش هەڵدەکوژێ، چونکەڕۆشنبیر بەشێکە لە ژانی گەلەکەی و وەك دووانەی لێکجوودا نەبووەوە ئەوان هەردەم هەست بە ئازاری گەلە ستەم دیدەدەکەی دەکات، لە بەرانبەریشدا خامەکەی دەبێتە قەڵغانی سەریان و هەرچیڕاستیڕووداوی مرۆڤ کوشتن و گەنج لەناوبردن و خوێنی بەناهەقڕژاویان و دڵی هەڵقرچاوی دایکیان دەکاتە دەق و شیعر و دەیانکاتە کەرەسەی خاوی چەندین دەق بە ژانری جیاواز.

لێرەوە دەگەینە ئەوڕاستییەی، بەپێی دەرهاویشتەکانی ئەم شیعرەی شێرکۆ بێکەس بێت، مەترسیدارترین قۆناغ ئەوەیە کە لوولەی تفەنگ بگاتە هەڵکۆڵینی چاوپرۆشنبیران و بیانەوێ دەمپرۆشنبیر بگرن و دەستی لە نووسین بخەن.

## ئەنجام

دوای تەواوبوون لە نووسینی ئەم توێژینەوەیە، گەیشتینە ئەم ئاکامانەی لای خوارەوە:

1. پێشمەرگە و ئازایەتی و گیانبازیی و قوربانیی پانتاییەکی گەورەی لەناو شیعری کوردی هاوچەرخدا داگیرکردووە، بەڵام بە دوو قۆناغی جیاواز: قۆناغی بەکارهێنانی هێما لە شار، و قۆناغیراشکاوی و سانایی دەربڕین لە شاخ.
2. ئەوکات و لەو مێژووەدا، ئەم دەقە شیعریانە ئەرکێکی قورسیان جێبەجێکردووە، کە بریتیی بووە لەڕاگرتنی هاوسەنگی هزری لەنێو خەڵك لە لایەك و لەنێوڕیزەکانی پێشمەرگەی شۆڕش لەلایەکی دیکەوە.
3. لەدوای خستنەڕووی مشتومڕی هەردوو بۆچوونە جیاوازەکە لەمەڕ ئەدەب و سیاسەت و شێوازی پەیوەندی نێوانیان، گەیشتینە ئەو خۆشنوودەی کە هەردەم لە مێژوودا پەیوەندییەکی توند و تۆڵ هەبووە لە نێوان ئەدەب و سیاسەتدا، بەڵکو دوو کایەی تەواوکەرییەکدین.
4. میتا واتاکان، واتا واتاکانی پشتەوەی دەق، لە دەقەکانی شاخدا زووتر خۆیان دەدەن بەدەستەوە، لە کاتێکدا لە دەقەکانی شاری سەردەمی شۆڕشدا پڕن لە واتای واتا و بە گران دەتوانین لێیان تێبگەین.

## لیستی سەرچاوەکان

### کوردییەکان :

1. سابیر، ڕەفیق، 1973.چەند بیرەوەرییەك لە ژوورێکی بێ دیوارا.
2. بێستوون، شێرکۆ بێکەس، 1985، شێرکۆ بێکەسرووبەڕوو لە سێبەری چیادا :، لە بڵاوکراوەکانییەکێتی نووسەرانی کوردستان، چاپخانەی شەهید ئیبراهیم عەزۆ.
3. وێکیپیدیا، الموسوعە الحره، بەدەستکارییەوە.

-عەرەبییەکان :

5. سليمان، محمود، 1985، أسئلة الواقعية والالتزام : دار الحوار للنشر والتوزيع، اللاذقية، سوريا، ط1.

6. حسن، عمار علي التغيير الامن : مسارات المقاومة السلمية من التذمر الى الثورة،، دار الشروق، القاهرة، جمهورية مصر العربية، ط1.

7. عاتي، حسن كريم، 2015، الرمز في الخطاب الادبي :، الناشر الروسم للطباعة والنشر والتوزيع، بغداد.

8. دي سميث انتوني، 2014، الرمزية العرقية والقومية ـ مقاربة ثقافية ـ:، ترجمة: أحمد الشيمي، منشورات المركز القومي للترجمة، القاهرة.

9. أحمد، محمد فتوح، 1977، الرمز والرمزية في الشعر المعاصر:، ط3، من إصدارات دار المعارف، القاهرة.

10. حسن، عمار علي، 2014، سلطة الأدب وأدب السلطة :، الاتحاد، 2014/10/3.

11. حسن، عمار علي، 2013، السلطة السياسية والأدب : أي علاقة بينهما ؟، 24: الخبر بين لحظة وضحاها، 2016/3/19.

12. صاصيلا، محمد عرب، 1992، علم السياسة : داكان جان ماري، ترجمة :، المؤسسة الجتمعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت، ط1.

13. عاشور، وليد طه الولع بالكتب والهوس بالقراءة :، د.س.

**-بيانييەكان :**

14. pascal boniface: geoplitiqe du football, translated by ammar ali hasan , bruxelle (1998) Peda , Elena (2014) symbolism, the beginning of modern poetry. The 6th international conference edu world (2014) education facing contemporary world Issues v- 9.

**3. دەقە شیعرییەکان :**

. کۆست و چرا : شێرکۆ بێکەس، 62.

. هۆرەی سیامەند : دکتۆر مارف عومەر گوڵ، 1981، 158.

. جوامێر : شێرکۆ بێکەس، 1981، 46.

. شایی شەهید : شێرکۆ بێکەس، 1986، 119.

مجلة إكليل للدراسات الانسانية
التصنيف الورقي: العدد 19 /ايلول/2024
المجلد(5)- العدد(3)-الجزء(2) IASJ-Iraqi Academic Scientific Journals

# The Political Dimension in Kurdish Poetry

**Keywords:** Dimension , political , Kurdish poetry

**Summary:**

This research sheds light on the concept of political poetry in the light of the mutual relationship between poetry and politics, the research generally consists of an introduction, two sections and a conclusion that includes the most important results of the research, with a list of the most important sources and references used in this research. The researcher deals with the two opinions on the relationship of poetry with politics, where the first opinion believes that poetry and politics are separate and unrelated worlds, while the second opinion goes to the existence of a strong relationship between poetry and politics, and the researcher has mentioned this issue in two axes: The first axis:

Poetry of politics, which deals with the impact of poetry on politics, and in the second axis: it dealt with the politicization of poetry, where it dealt with the impact of politics on poetry. In the second section: the researcher tried to come up with poetic models of contemporary Kurdish poetry, and also tried to analyze these poems that dealt with, relying on all of this on the descriptive analytical approach.

مجلة إكليل للدراسات الانسانية
التصنيف الورقي: العدد 19 /أيلول/2024
المجلد(5)-العدد(3)-الجزء(2) IASJ-Iraqi Academic Scientific Journals

# البعد السياسي في الشعر الكردي

أ.م. سرود ولي إسماعيل
كلية التربية ابن رشد للعلوم الإنسانية
جامعة بغداد
Gmail surood.weli@ircoedu.uobaghdad.edu.iq

**الكلمات المفتاحية:** البعد ، سياسي ، الشعر الكردي

**الملخص:**

يسلط هذا البحث الضوء على مفهوم الشعر السياسي على ضوء العلاقة المتبادلة بين الشعر والسياسة. يتألف البحث بشكل عام من مقدمة و مبحثين وخاتمة تتضمن أهم النتائج التي توصل إليها البحث، مع قائمة بأهم المصادر والمراجع التي استخدمت في هذا البحث. تتناول الباحثة الرأيين الماثلين حول علاقة الشعر بالسياسة، حيث يعتقد الرأي الأول أن الشعر والسياسة عالمان منفصلان ولا يمتان بصلة، بينما الرأي الثاني يذهب إلى وجود علاقة متينة بين الشعر والسياسة، وقد ذكرت الباحثة هذه المسألة في محورين: المحور الأول: شعرنة السياسة، حيث يتناول تأثير الشعر على السياسة، وفي المحور الثاني: تناولت تسييس الشعر، حيث تناولت تأثير السياسة على الشعر. وفي المبحث الثاني : حاولت الباحثة الإتيان بنماذج شعرية من الشعر الكردي المعاصر، كما حاولت أن تحلل هذه القصائد التي تناولتها، معتمدة في كل ذلك على المنهج الوصفي التحليلي .